کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22:09 11-9-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئەمەریکا هیچی پێ لە گەڵ عیراق نەکرێ! بە نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرێ! ... مەهدی کاوانی**



بە قەناعەتی خۆم بەڕێوەبەرایەتی جۆرج دەبلیوو بۆش لە بێ چارەییە کە دەیەوێ مەلەفی عیراق بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بگوازێتەوە. کە پشتگیری جیهانیشی پێوەیە بەشە هەرە زۆرەکەی بۆ چاک کردنی باری عیراق نیە بەلکو زیاتر بۆ ڕازی کردنی بەرژەوەندی تورکیاو وڵاتانی تری دەسەڵاتی سونەی عەرەبیە و پێشوازیشی لێ دەکەن و کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ عیراق چۆنی لێک دەیتەوە لە ئەجندای ئەو وڵاتانە بەو لاوە هیچی تر ناگەیەنێ. خۆ دەبی مرۆڤ بەشی ئەوەی تێدابێ کە بتوانێ سەرەدەری لە وەزعەکە بکات. ما ئەوەی ئەمەریکاش دەیکرد بە پرۆژەکەی بیکەر هاملتۆنیشەوە ئەگەر بە جوانی سەرنجی بدەیت خۆ هەمان ئەو ئەجندایەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژێر کاریگەری وڵاتانی ئاماژەکەی سەرەوە دەیکات. ڕەنگە ئەمەریکیەکانیش باش بزانن کە بۆچی لە سیاسەتەکانیان لە عیراق سەرکەوتوو نەبوونە یان ئەگەر نەشیانزانیبێ کە هاتنە سەر ئەرزی واقیع زانیبێتیان کە مەسەلەی چارەسەری کێشەی عیراق ئەو سیاسەتە نیە کە گرتویانەتە بەر، بەلکو زۆرەکەی لە ترسی ناڕازی بوونی وڵاتانی ناوچەکە و ترسان لە بەهێز بوونی ئێرانە. بە هەقیقەتیشەوە ئەگەر ئەمەریکیەکان هەر جۆرە سیاسەتێکی تری جیا لەو سیاسەتەی ئێستایان بگرنە بەر، ئەگەر لە ڕێگەیەوە ناوچەکە ئارامی بکەوێتێ، بە دوایەوە ئەگەر دەسکەوتی خۆشیان تێ دابێ بەلام ئێران و شیعەو کوردیش قازانجی لێ دەکەن و تورکیاو دەسەلاتی عەرەبی سونەش پێیەوە نیگەران دەبن. بەلام باجە هەرە گەورەکە تورکیا دەیدات کە پرۆشکی کوردی بەسەرەوەیەو وەرچەرخانی کوردیش دروست ببێت هەلبەتە لێیان دەبێتە گڕ و لەوانەیە بە درێژە کێشانی ئێرانیش بگرێتەوەو بە دوایەوە بڵێن بریا باری عیراق وەک خۆی با. ڕەنگە ئەمەریکیەکانیش ئەو وەزعە زۆر لەمن و ئی تر باشتر بزانن و دەشزانن کە ئەوان لە سەر وەزعی عیراق چیان پێ نەکراوە، نەتەوەیەکگرتووەکانیش بە هەمان شت و بە خراپتریشەوە، بەلام

کە دەڵێن با هەلێکیش بدەینە UN با ئەوانیش خۆیان تاقی بکەنەوەو دوا جار کە زانییان هیچیان پێ ناکرێ ئەوا بە ناچاری دووبارە کارەکەی بە ئێمە دەسپێرنەوەو بە دوایەوە پرۆژەکەی ئێمە واتە دەسکاری کردن لە جوگرافیای ناوچەکەوە دەبێتە ئەمری واقیع و وڵاتانی ناوچەکەش ناتوانن ڕکەبەری لە گەڵ بکەن. هەلبەتە بەUN کردنی باری عیراق هەر لە ئێستاوە دوو دڵیەکی لە لایەن کوردو دەسەڵاتدارانی و شیعەش دروست کردووە. بە نسبەت کوردەوە وا بۆی دەچێ کە نیازیان بێت مەلەفی کەرکوک بە UN بسپێرن. بەخۆشتان دەزانن کاری نەتەوەیەگرتوەکان تا بڵێیت بە پرۆسیسێکی لە سەر خۆ بەڕێوە دەڕوات و بە هۆیەوە کێشەی کەرکوک و گەڕانەوەی ئەگەر دانیشی پیا بنێن ئەوا زۆر دەخایەنێ. کوردیش هەقی خۆیەتی ئەوە بڵێت ئەگەر لە گەڵ بووکێ نەبیت لە گەڵ بەربوکێش نابیت.
بە نسبەت شیعەکانیشەوە حەتمیەن کێشەیان بۆ دروست دەکەن لە مەسەلەی فیدڕالیزمی هەرێمایەتی و و فراوان نەبوونی دەسەڵاتیان و دا بڕانیان لە ئێران و گەڕانەوەی کۆنە بەعسیەکان و بە دەسەڵاتکردنیان.... زۆر لێکۆلەرەوەی سیاسیش ئەو بەرەی شیعەو کورد بۆ بەرگری کردنی پێکەوەیی لە ترسی ڕوودانی وەرچەرخانی لەو بابەتانەوە بێت. بەلام ئەو پرسیارەی کە لێرەوە دەکرێ باشە نەتەوە یەکگرتووەکان بەو کارە لەسەرخۆییەیان و بێتوانایەی ئیمکاناتی مادی و عەسکەریان و ئەوە وێڕای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوەی ئەگەر کوردو شیعەس ڕێگریان لە گەڵدا بکەن چۆنچۆنی دەتوانن لە کارەکانیان سەرکەوتوو بن. نەتەوە یەکگرتووەکان بە کاریکی تیرۆڕستی کە دوو ساڵ پێش ئێستە پێیان کەوت و بووە هۆی ئەوەی سەرۆکەکەیان و ژمارەیەک لە هەلسوڕینەرانی کوژران و بە دوایەوە پەرتەیان لێ کرد، ئەدی ئەگەر وەک ئەمەریکیەکان ئاسا ڕۆژانە یان ناو ناوە ڕووبەڕووی کاری تیرۆڕستی لەو بابەتانە ببنەوە و بە دوایەوە بەرگە نەگرن و بارگەکەیان بپێچنەوەو بای بای لێ بکەن، پاشان چ بە گەلی عیراق و پاراستنەکەی دەڵێن. خۆ ئەگەر بڵێن ئەمەریکیەکان دەمان پارێزن، گرەنتی نیە چونکە ئەوان بۆ خۆیان گوشاری خەلکی خۆیان لە سەرە کە هەتا زووە هێزەکانیان لە عیراق بە تەواوەتی بکشێننەوە. دیارە بەریتانیا هەر لە ئێستاوە مشووری خۆی دەخوا کە بەو زووانە هێزەوکانیان لە عیراق بکشێننەوە. من دەترسم ئەمەریکیەکانیش بۆ ڕوودانی کاری وەها ئەو مەلەفەی داوەتە UN. ئەگەر وانەبوایە یان عیراق خێری پێوە بمابایە ئەوا ئەمەریکیەکان لە پێش هەموویانەوە قوربانیان داوە و خێرو بێرەکەشی بۆ خۆیان داوا دەکرد نەک کارەکە تەسلیم بە مینبەری جیهانی بکەن. ئەگەر بیر کردنەوەی لەو بابەتانەش هەبیت وەک بڵێن دەور دەدەنە تورکیا، ئەگەر وابایە ئەمەریکیەکان کاری وەهایان هەر لە سەرەتا دەکردو بە هۆیەوە کوردیش وەها قەبە نەدەبوو. بەڵام کە ئێستا بیکەن و لە ڕێگەیەوە کوردیان لێ ببیتەوە مانای ئەوەیە هیچیان بە هیچ نەکرد، ئەوە چ جای ئەوەی تورکەکانیش ئەگەر کاری وەهایان بدەنە دەست کە ئیحتیمالێکی هەرە لاوازە، وەک ئەمەریکا ئاسا مادامەکینێ تەعامولی واقیعیانە ناکەن بە دەست بەتاری بەجێدێڵن و دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. بۆ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیش بە هەمان شێوە. بۆیە هەقمانە بڵێین بە UNکردنیش کاتیەو مانای ئەوە ناگەیەنێ کە کێشەی عیراق چارەسەرکراوە. گۆمیش تا پڕ نەبێ مەلەی تیا ناکرێ. عیراقیش هەتا وەک بولکان ئاسا بە تەواوەتی لە ناو گۆمی خوێن وەرنەدرێ نە گەلانی وە نە وڵاتانی ناوچەکەو بڕیار بەدەستەکانی جیهان نایەنە بن باری و بیر لە چارەسەرکردنی ڕاستەقینە بکەنەوە. ئەوەی دیارە دەیبینین، باری ئێستای عیراق ناوچەکەی چۆنچۆنی وەک بورکان لێکردووەو لە ڕێگەیەوە چەند ترس و دوودڵی خستۆتە ناو دڵی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە نەوەکا ئەو گڕە ئەوانیش بگرێتەوە، ئەدی لە حالەتی دامرکاندنەوەی و شادبوونی گەلانی عیراق بە ئازادی تەواو و دیموکراتیەت و بنیاتنانەوەو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی شارستانیەت دەبی پاش ئەوە دەسەڵاتی دەورو بەر بکەونە چ دلە ڕاوکێیەکەوە.

بەریتانیا/ 2007/08/25

mahdikawani@yahoo. co. uk

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.